www.kurdistannet.org
29-11-2005 19:41بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# كوردستان.. باشوری سۆدان... مافی دیاریكردنی چارەنوس ... نزار محەمەد ❋



دەنگدان بە (نەخێر) بۆ رەشنووسی دەستوری عێراقی كە خاڵی بوو لە مافی دیاریكردنی چارەنووس لەچاوی دەسەڵاتدارێتی كوردیەوە بەكفرێكی گەورە لە قەڵەمدرا، شەپۆلی (بەڵی) كە لەراگەیاندنی حزبەكانەوەو لەپەرلەمانی كوردستانیشەوە دەهات، تەنیا ئامانجی ئەوەنەبوو دەنگی ئەویتر پەراوێز بخات، بەڵكو (نەخێر) ەكانی بە شمشێرەكەی زەرقاوی دەچواند، ئەمەش جەنگێكی دەرونی بوو دژی دەنگدەران كە هەموو سیمایەكی راپرسی سڕیبۆوە و رەنگی (نعم، نعم یا سەدام) ی بەسەردا زاڵبوو، یەكی لەو كارتانەی دەسەڵاتی كوردی بەكاریدەهێنا بۆ تۆقاندنی دەنگدەران، پرسی ئایندە بوو، ئەویش لەو رستەیەدا بەرجەستە دەبوو كە دەیووت، گەر ئەم رەشنوسە هەڵوەشێتەوە كی دەڵێت جارێكی تر هەمان ئەو مافانەمان مسۆگەر دەبێت كە ئێستا تۆماركراوە؟

ترس لە لەئایندە، ترس لە دووبارە بوونەوەی كارەساتەكانی ئەنفال و هەڵەبجە، ئەو كارتانەیە دەسەڵاتی كوردی بەردەوام بۆ تۆقاندنمان بەكاریدەهێنی و دواجار بەهۆیەوە هاوڵاتیان دەكات بە مێگەلێكی بی وورتەو بی هەڵوێست كە لە (بەڵی) زیاتر هیچ نەزانن و هەر (نەخێر) ێك كارەساتێك بێت، هەر رێپێوانێك ئاژاوەگێری بێت، هەر رەخنەیەك كارێكی تیرۆریستی بێت.

دەسەڵاتێك كە خۆی هیچ خەمێكی ئایندەی نیەو خۆی بەشەڕە ناوخۆییەكان و بە بەردەوامی لەسەر دابەشكردنی كوردستان، گورزی توندی لە ئاسایشی نەتەوەیی وەشاندووە، كەچی بەكارهێنانی مافێكی وەك مافی دەنگدان بەپێچەوانەی خواستی ئەوی لێدەبێت بە هەرەشەی دوبارە بوونەوەی كارەساتەكان، دەسەڵاتی كوردی پێمان دەڵێن با هەنگاو نەنێین بۆ پێشەوە نەوەكا بۆ دواوە بگەڕێینەوە، بەم گوتارە خاڵیە لەبارگەی ئیرادە دەسەڵاتی كوردی دەیەوێت، عەقڵی كوردی كۆنكرێت بكات، دەسەڵاتێكی بەمجۆرە هەرچیەك بێت ناتوانێت دیموكراتی بێت، چونكە ئەو پێشتر بڕیاری داوە هەمووان تەسلیمی یەكگوتار بین كە گوتاری خۆیەتی، (نەخێر) كە جوانتر ئاراستەی دیموكراتیەت دەبێت وەك قوربانییەك لەبەرپێی گوتاری زاڵی زەبەلاح سەر ببڕدرێت.

وەك چۆن (نەخێر) ەكەی كاك فەتاح زاخۆی بۆ رەشنوسی دەستور هستریای دەسەڵاتی وروژاند و ئەو بەرێزەیان لە پۆستی وەزیری لابرد، (نەخێر) ی هاوڵاتیەك جوانە، (نەخێر) ی رۆژنامەنوسێك جوانترە، بەڵام (نەخێر) ی وەزیرێك لەناو دەنگی (بەڵی) ی حكومەتێك پێویستە، تا پرۆسەی سیاسەت بە دیموكراتی بارگاوی ببێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی دەیەوێت (نەخێر) ەكان بكوژی و سەرگەرمی ئەوەیە وڵاتێك بكات بە (بەڵی) ستان ئیتر چۆن توشی هستریایەكی نیرۆنی نابێت، كە لە نزیكی خۆیەوە، لەناو گیرفانی پاڵتۆكەی خۆیەوە دەنگێك سەردەربهێنی و هاواری (نەخێر) بكات، كەچی هەر ئەو دەسەڵاتدارێتیە كوردیە بەردەوام داوا لە عەرەبی سونە (لە بەعسییەكانیش) دەكات بەشداری پرۆسەی سیاسەت بكەن، كە هەموان دەزانین چۆن دژی دەستووربون و هەندێكیان لە نوسینەوەی رەشنوسەكەش بەشداریان كردو سازشێكی زیاتریان بەكورد كرد و پاشانیش دەنگی (نەخێر) یان بەرزكردەوە، كەسیش نەیتوانی سزایان بدات، چونكە ئەوە سیماكانی عێراقی نوێیە، بەپێچەوانەی كوردستانی نوی كە رۆژانە گورزی توند لە دیموكراتیەت دەدرێت و لابردنی وەزیری رۆشنبیری و گرتنی دكتۆر كەمال سەید قادر تیایدا بوە بە رۆتینی رۆژانە.

عەرەب لە عێراق بەشیعەو سونەوە سەرەتایترین مافی مرۆڤیان لەكورد سەندەوە كە مافی دیاریكردنی چارەنووسەو لە بەندەكانی جارنامەی گەردونی مرۆڤ تۆمار كراوە، كەچی كورد بە رۆمانسیەتێكی زۆرەوە (بەڵی) بارانیان كرد، سەیرە لە گەرمەی رێككەوتنامەكانی حكومەتی

خەرتوم لەگەڵ باشوریەکانی سۆدان، بەرپرسێکی بزوتنەوەکەی باشوری سۆدان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن وتی:
ئێمە بە بەڵێنەکانی حکومەتی عەرەبی سۆدان هەڵناخەڵەتێین، چونکە ئەزمونی ریککەوتنامەی ساڵی 1970 مان لەبەرچاوە، کە عەرەب لەعێراق هەموو مافێکی حوکمی زاتی سەلماند بۆ کوردەکان کەچی پاش چوارساڵ لێی پەشیمان بونەوە، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە مافی چارەنوس و جیابونەوە لەبەرچاو بگرین.
بەڵی بەم جۆرە بزوتنەوە لەباشوری سۆدان لە ئەزمونی گەمەی گفتوگۆی کورد لەگەڵ عەرەب سودیان وەرگرت، کەچی سەرەڕای ئەو ئەزموونە و هەڵەبجەو ئەنفال، کورد دیسان بەو رۆمانسیەتەی فێری بووە چووەوە باوەشی عێراقی عروبەوە، ئەمەیە ئەقلیجی عەقڵی سیاسی کوردی لەچاو عەقڵی سیاسی سەرانی بزوتنەوەیەك لەباشوری سۆدان کەلەچاو خەباتی کوردا منداڵی دوێنێیە.
ساڵی 1984 (واتە ئەوساڵەی شۆرشی کورد بەسەرۆکایەتی یەکێتی لە ئەزمونێکی تری گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی شکستی هێنا)، چەند ئاژاوەو پێکدادانێکی خێڵەکی لە باشووری سۆدان دروستبوو، حکومەتی سۆدان کەسێکی خەڵکی ناوچەکەی نارد بۆ باشور تا ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەو کەسەش (جۆن گەرەنگ) بوو، بەڵام گەرەنگ لەپڕ هەڵگەرایەوە و بوو بەسەرکردەی باشوریەکان و بزوتنەوەیەکی بەناوی (بزوتنەوەی گەلی بۆ رزگارکردنی سۆدان) دامەزراند دوای 21 ساڵ واتە ئەمساڵ، گەرەنگ لە روداوێکی فرۆکەدا کوژرا، بەڵام بزوتنەوەکەی سەرکەوت و لە رێککەوتنامەکەیاندا لەگەڵ خەرتوم، هەموو مافەکانیان زامن کرد بەمافی جیابوونەوەشەوە..
لێرەوە هەندی بەراورد لەنێوان سەرکەوتنی ئەوان سازشەکانی خۆمان دەکەین:
1-مافی دیاریکردنی چارەنووسی لای ئێمە بو بەقوربانی سیاسەتی تەوافق، لای سۆدانیەکان لەرێککەوتنامەکەدا تۆمارکرا، شەش ساڵیش دیاریکرا کە دوای ئەو ماوەیە باشوریەکان مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە لای ئێمەی بەهۆی بزربونی بەندێك کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بسەلمێنی وەزیری رۆشنبیری دەنگی نەدا بە دەستور، کەچی سزا دراو لابرا، بەڵام لەباشوری سۆدان بەپێچەوانەوە سەرانی بزوتنەوەکەی هەرەشەی شکستی رێککەوتنامەکەیان دەکرد ئەگەر ئەو مافەیان نەسەلمێنی و پاشان جیانەبنەوە.
2-باشوریەکان شاری خەرتوم بە شارێکی بەعەرەبی نازانن و پێیان وایە پایتەختی هەرێمی باکورە، لەبەرئەوەی خەڵکی باشوریشی تیادەژی، لای ئێمە هەر زوو موسڵ بە شارێکی عەرەبی ناوزەدکرا و کەرکوکی دڵ و قودس کرا بەشاری برایەتی، کەدەبوو بەغدا شاری برایەتی بوایە، چونکە زۆرێك لە کورد و دەستەی تر لە بەغدا دەژین.
3-حکومەتی سۆدان و باشوریەکان لیژنەیەکیان بۆ دابەشکردنی سامانی نەوت دروستکرد هەروەها رێککەوتنامەکە دابەشکردنی دەسەڵات و دارایی و نەوتی لەخۆگرتووە.
لەکۆتاییدا دەڵێین گەر لای ئێمەش دەستوور بەوجۆرە بوایەو وەزیری رۆشنبیریش دەنگی نەدایە ئەوا ئەوکاتەش هەرمافی خۆی بوو دەنگ نەدات.

*سەرنووسەری رۆژنامەی (هاوبیر).